# ئەگەر نوێژتان کرد ؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن پاشان با یەکێکتان پێشنوێژیتان بۆ بکات

لە حیتان کوڕی عبدالله ئەلرەقاشیەوە دەڵێت: نوێژێکم کرد لەگەڵ ئەبی موسای ئەشعەری، کاتێک لە تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ پیاوێک لە نێو خەڵکیدا ووتی: نوێژکردن هاوتا کراوە (فەرزکراوە) لەگەڵ چاکەکاری وزەکاتدا، کاتێک ئەبو موسا نوێژەکەی تەواو کرد، ووتی: کێ بوو لەئێوە وشەی ئاوا وئاوای ووت؟ دەڵێت: خەڵکی بێدەنگ بوون، پاشان ووتی: کێ بوو لەئێوە وشەی ئاوا وئاوای ووت؟ دەڵێت: خەڵکی بێدەنگ بوون، پاشان ووتی: لەوەیە حیتان تۆ ئەوەت وتبێت؟ ووتی: من ئەوەم نەوتووە، وترسام لەوەی ڕەخنەم لێبگرێت بەهۆیەوە، پیاوێک ووتی: من ئەوەم ووت، وتەنها خێرم ویست، ئەبو موسا ووتی: ئایا نازانن دەبێت چی بڵێن لەناو نوێژەکانتان؟ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- وتاری بۆمان دا سونەتەکان ونوێژکردنی ڕوون کردەوە، فەرمووی: «ئەگەر نوێژتان کرد ؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن پاشان با یەکێکتان پێشنوێژیتان بۆ بکات، ئەگەر -ئیمام- تەکبیرەی کرد (ووتی: -الله أكبر- بۆ دابەستنی نوێژ) ؛ ئێوەش تەکبیر بکەن، ئەگەر ووتی: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} [الفاتحة: 7] واتە: {نەك (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە (وەک جولەکە وهاوکردەوەکانیان) وە نەك (ڕێگای) گومڕایان وەك (گاورەکان وهاوکردەوەکانیان)}، بڵێن: ئامین، خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە، ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ ڕکوع بردن ؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ ڕکوع بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئێوە دەڕوات بۆ ڕکوع بردن ولەپێش ئێوە -لەڕکوع بردن- بەرز دەبێتەوە»، -پاشان- پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەمە یەکسانە بە ئەوە، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده) واتا: (خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -ئەوانە دەبیستێت- کە حەمد وسوپاستی دەکەن)، بڵێن: (اللهم ربنا لك الحمد) واتا: (ئەی خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)، خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە، چونکە خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده)، ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ سوجدە بردن؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ سوجدە بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئێوە سوجدە دەبات و لەپێش ئێوەش بەرز دەبێتەوە -لە سوجدە بردن-»، -دواتر- پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەمە یەکسانە بە ئەوە، ئەگەر لە تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ با یەکەمینی ئەو وشانەی یەکێکتان دەیڵێت -ئەمە بێت-: (التحيات الطيبات الصلوات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله) واتە(هەموو ستایشێکی گەورە و مەزنێتی بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە، وهەموو قسە وکردەوەیەکی باش وجوان وخێرکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتە بە دڵسۆزی ئەنجام دەدرێت، سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، وسەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە، شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک (شایستەی پەرستن نییە بەڕاست وهەق جگە لە الله، وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە».

[سەحیح - ڕاست] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

هاوەڵی بەڕێز ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- یەکێك لە نوێژەکانی ئەنجامدەدا، کاتێک لەدانیشتنی تەشەهود -تەحیات خوێندن- بوو ؛ پیاوێک لە پشتیەوە لەنێو خەڵکیدا ووتی: نوێژکردن هاوتا وبەراورد کراوە (فەرزکراوە) لەگەڵ چاکەکاری وزەکاتدا، کاتێک ئەبو موسا نوێژەکەی تەواو کرد، ڕووی لە نوێژخوێنەکان کرد وپرسیاری لێیان کرد: کێ بوو ئەو وشانەی ووت؟ خەڵکی بێدەنگ بوون، وهیچ یەکێکیان قسەیان نەکرد، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، کاتێك هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، ئەبو موسا -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی حیتان دیارە تۆ وتت ! ئەمیش بەهۆی بوێری ونزیکی وپەیوەندی پێوەی، وتۆمەتەکە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت، و بۆئەوەی هانی

بکەرە ڕاستەقینەکە بدات بۆ دانپێدانان، حیتان نکۆڵی کرد، ووتی: ترسام لەوەی سەرزەنشتم بکەیت ؛ بەگومانی ئەوەی من وتوومە، لەم کاتەدا پیاوێك لەنێو خەڵکی ووتی: من ووتم: وتەنها مەبەستم خێر بوو، ئەبو موسا بۆ فێرکردنی ووتی: ئایا نازانن دەبێت چی بڵێن لەنێو نوێژەکانتان؟ ئەمیش وەکو نکۆڵیەك لەسەر ئەم کردەوەیە، پاشان ئەبو موسا ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- جارێکیان وتاری بۆیان دەدا، وڕێنماییەکانی شەریعەتی بۆیان ڕوون دەکردەوە، وفێری نوێژیانی کرد، وفەرمووی: ئەگەر ویستتان نوێژ ئەنجام بدەن ؛ ڕیزەکانتان ڕێک بکەن و ڕاست وجوان بوەستن، پاشان با یەکێکتان پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، ئەگەر -ئیمام- تەکبیرەی کرد (ووتی: -الله أكبر- بۆ دابەستنی نوێژ) ؛ ئێوەش تەکبیر بکەن، ئەگەر سورەتی -الفاتحة-ی خوێند وگەیشتە: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} [الفاتحة: 7] واتە: {نەك (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە (وەک جولەکە وهاوکردەوەکانیان) وە نەك (ڕێگای) گومڕایان وەك (گاورەکان وهاوکردەوەکانیان)}، ئێوە بڵێن: ئامین، ئەگەر بیڵێن ؛ خوای گەورە وەڵامی نزاکانتان دەداتەوە، ئەگەر تەکبیرەی کرد وچوو بۆ ڕکوع بردن ؛ ئێوەیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ ڕکوع بردن، ئیمام لەپێش ئێوە دەڕوات بۆ ڕکوع بردن ولەپێش ئێوە -لەڕکوع بردن- بەرز دەبێتەوە؛ بۆیە پێشی مەکەون، ئەو ساتە کەمەی ئیمام پێشی ئێوە چوو بۆ ڕکوع بردن، پڕ دەبێتەوە بۆتان بەهۆی دواکەوتنتان بۆ هەستانەوە لەڕکوع بردن ؛ چونکە ئێوە دوای ساتێکی کەم لەپاش ئیمام هەڵدەستنەوە لە ڕکوع بردن، ئەو ساتە یەکسانە بە ئەو ساتە، وماوەی ڕکوع بردنتان وەکو ماوەی ڕکوع بردنی ئیمامە، ئەگەر ئیمام ووتی: (سمع الله لمن حمده) واتا: (خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە -ئەوانە دەبیستێت- کە حەمد وسوپاستی دەکەن)، بڵێن: (اللهم ربنا لك الحمد) واتا: (ئەی خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)، ئەگەر نوێژخوێنان ئەمە بڵێن خوای گەورە دەیان بیستێت و وەڵامی نزاکانیان دەداتەوە، چونکە خوای گەورە -تبارك وتعالى- لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده)، پاشان ئەگەر ئیمام تەکبیرەی کرد وچوو بۆ سوجدە بردن؛ ئەوا دەبێت نوێژخوێنانیش تەکبیر بکەن وبچن بۆ سوجدە بردن، چونکە ئیمام لەپێش ئەوان سوجدە دەبات و لەپێش ئەوان بەرز دەبێتەوە -لە سوجدە بردن-، ئەو ساتە یەکسانە بە ئەو ساتە، ماوەی سوجدەبردنی نوێژخوێنەکان یەکسانە وەکو ماوەی سوجدەبردنی ئیمام، وئەگەر ئیمام لە دانیشتن بوو بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات- ؛ یەکەم شت کە نوێژخوێن دەیڵێت بریتیە لە: (التحيات الطيبات الصلوات لله * هەموو ستایشێکی گەورە و مەزنێتی تەنها بۆ خوای گەورەیە، وهەموو نوێژکردنێک تەنها بۆ ئەو زاتەیە): مەزنێتی ومانەوە وهەموو موڵکێك تەنها بۆ خوای گەورە، وهەموو نوێژەکان -لەسەرووی هەموویانەوە نوێژە فەرزەکان- ؛ هەمووی بۆ پەروەردگار ئەنجامدەدرێت، (السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين * سەلام وسڵاو لە سەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر لە گەڵ ڕەحمەت وبەرەکات وپیرۆزی خوای گەورە، سەلام وسڵاو لە سەر ئێمە ولە سەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە): -مانای سەلام کردن واتا- لە خوای گەورە داوای سەلامەتی ودووریم دەکەم لە هەموو عەیب وکەموکورتی وخراپەیەك، و بەتایبەت سەلام دەکەین لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پاشان سەلام دەکەین لە نەفسی خۆمان، دواتر لە بەندە چاکەکانی خوای گەورە ؛ ئەوانەی کە مافەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ومافەکانی خەڵکی جێبەجێ دەکەن، پاشان (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله * شاهێدی دەدەم -دان دەنێم- بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەڕاست وهەق جگە لە الله، وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65097

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee